جیهانێکی ویژدا نمردوو

ئەمجەد شاکەلی

نۆزدە رۆژە ئیسرائیل، بەبیانووی لێدانی حیزبوڵڵاوە، بە هەموو توانستو هێزی خۆیەوەو بە بەرچاوی هەموو جیهانو رێکخراوی دەوڵەتە یەکگرتووەکانو رێکخراوەکانی مافی مرۆڤو سەدان گەوادخانەو تەرەسخانەو بێشەرەفو خوێڕیو دەستڕۆیشتووی جیهانەوە، پەلاماری لوبنان دەدات‌و بۆمبارانی دەکات‌و وێرانکاری تێدا دەکات‌و کەسیش جووکەی لێوە نایەت. تا ئەمڕۆ ژمارەی کوژراوانی خەڵکی لوبنان، گەیشتوونەتە ٧٥٠ کەس‌و ژمارەی برینداران‌یش پتر لە ٢٠٠٠ کەسێکە. زۆرینەی قوربانیانی ئەو پەلامارەی ئیسرائیل منداڵو ژن‌و پیرو خەڵکی بێداکۆکی‌و نالەشکرین. ماڵوێران‌و هەڵاتووان‌و کۆچکردووانیش خۆ لەنیو میلیۆن‌و پتر دەدەن. هەزاران ماڵو خانوو و کارگەو کارگێڕی‌و دەیان گوندو گەڕەک خاپوورو لەگەڵ خاکدا یەکسان کران. زیانێکی ماددییش، کە ئیسرائیل لەلوبنان‌و خەڵکی لوبنانی داوە بە ملیاران دۆلار قەرەبوو ناکرێتەوە. ئەمە جاری یەکەم نییە، کە ئیسرائیل وەها کارێك لەهەمبەر لوبنان ئەنجام دەدات. ئێستایش لەبیرگەی خەڵکی خودان ویژدان‌و قوربانییاندا، دیمەنەکانی سەبراو شاتیلاو وێرانکردنی بەیروت نەسڕاونەوە. ئیسرائیل لە١٩٤٨ەوە سیاسەتی وێرانکردنی فەلەستین‌و وڵاتانی دیکەی عەرەب‌و کوشتنی خەڵکی فەلەستینی‌و عەرەب پێڕۆ دەکات‌و هەموو دەمێکیش بۆی چووەتە سەر. مێژووی مرۆڤایەتیی یەك مێژووەو مێژووی جیهان یەك مێژووە. ئەوەی دەمێکە شارەزایی لەمێژوودا هەبێت‌و خۆ نەخەڵەتێنێت‌و بەچاویلکەی تاریکەوە نەنۆڕێتە مێژوو، دەزانێت ئەم جەنگەی ئێستاکە لە لوبنان‌و فەلەستیندا بەڕێوەدەچێت‌و ئیسرائیل ئەنجامی دەدات، جەنگی ئەمڕۆ نییەو پاشخانێکی دوورودرێژی هەیەو رەگوڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانێکی زۆر بەر لەئێستا. ئەوەی بنەماو هۆکارەکانی جەنگەکە دەگێڕێتەوە بۆ ڕفاندنی دوو سەربازی ئیسرائیلی لەلایەن حیزبوڵڵاوە لە١٢-٧-٢٠٠٦ دا، یا بۆ کردەوەیەکی فلانە رۆژی حەماس، یا بۆ تووتدڕۆیی رێکخراوە ئیسلامیەکان، یا بۆ کۆمەکی ئێران‌و دنەدانی ئێران، گەلێك کاڵفامانە دەنۆڕێتە ڕەوشەکەو ڕووداوەکان دەخوێنێتەوە. ئەوەی هەر ڕووداوێك هەنووکەییانەو بێ خوێندنەوەی بەرایی‌و دیرۆك‌و پێشینەکانی بخوێنێتەوەو لێکبداتەوە، ئەنجامێکی ناڕاستی دێتە دەستو مێژوو دەشێوێنێت‌و خەڵکیش چەواشە دەکات. کە باس لەجەنگی ئێستای ئیسرائیل‌و لوبنان‌و فەلەستین دەکرێت، وەك ڕاستییەك مرۆڤ گەرەکە ئەوە بزانێت کە: ئیسرائیل داگیرکەری خاکێکە بەنێوی فەلەستین، کە وڵاتی خەڵکێکە بەنێوی فەلەستینی. ئیسرائیل ئەنجامی بەڵێنێکی ئیمپریالیستانەی نادادپەوەروەرانەی بەلفۆرەو عەلی شەریعەتی گوتەنی "کچێکی زۆڵی ئەو زینایەیە، کە لەنێوان سەرمایەداری‌و کۆمۆنیزمدا لەجەنگی دووەمی جیهانیدا رووی داوە".

ئیسرائیل دوورخستنەوەو وەدەرنانی جوولەکەیە لەئەوروپاو خڕکردنەوەیانە لەفەلەستین، بۆ کەمکردنەوەی سەرئێشەو کێشەی ئەوروپاییان‌و چاندنی گەرای شێرپەنجەیەك لەنێوەندی جیهانی ئیسلام‌و عەرەب‌و ڕۆژهەڵاتدا.

ئیسرائیل گێڕانەوەی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمی ڕۆژاوایە بۆ ڕۆژهەڵات‌و جیهانی ئیسلام‌و تۆڵەسەندنەوەی ڕۆژاوایە لەسەرکەوتنەکانی سەلاحەددینی ئەییوبی دژی خاچهەڵگران.

ئیسرائیل سڕەرەوەی فەرهەنگی ڕۆژهەڵات‌و ئیسلام‌و عەرەبەکان‌و وزەو بنەماو پەرەپێدەری هێرشی فەرهەنگیی ڕۆژاوایە بەسەرجیهانی ئیسلامیدا.

ئیسرائیل دەکاتە ڕۆژاواو هەڵگری تەواوی تۆو و ماکەکانی ژیان‌و بەردەوامیی بوونی ڕۆژاوایە.

کە ئەوە پێناسەی ئیسرائیل بێت، ئەودەم خوێندنەوەی ڕەوشەکە شێوەیەکی دیکەی سەد لەسەد پێچەوانەی ئەو جۆرە خوێندنەوە فەرمییەی ئەوڕۆ لەئارادایە، وەردەگرێت‌و تەواوی ئەوەی لەمیدیاکانی ڕۆژاواو کوردستان‌و بەشێکی وڵاتانی عەرەب‌و ئیسلام‌و ڕۆژهەڵاتیش دەبینرێن‌و دەبیسرێن‌و دەخوێندرێنەوە، ئاوەرڕۆو و هەڵە دەردەچن.

بەشێکی زۆری میدیاکانی جیهان‌و بەتایبەت ڕۆژاوا، نەك هەر ئەوڕۆو زۆر لەمێژە، بەدەست زایۆنیزمی جیهانی‌و ئیسرائیل‌و کۆمپانیا مەزنەکان‌و دۆستان‌و کەسانی نێزیکی ئەوانەوە بوونەو هەن‌و ئەوانن کۆنترۆڵی دەکەن‌و بەئارەزووی خۆیان ئاراستەی دەکەن. لەو ئاراستەکردنەیشدا ئەوان چەواشەکاری‌و مێشکشۆردنەوەو بەهەڵەپێشاندان‌و خوێندنەوەی نادروست‌و ناڕاست دەرخواردی مێشکی بینەرو بیسەرو خوێنەر دەدەن‌و گەلەپرۆپاگەندەی ڕێوێڵکارانە پەخش دەکەنەوە. ئەوەی لەو میدیایانەدا وەدی دەکرێن، پێشاندانی ئیسرائیلە وەك قوربانی ستەملێکراو و حیزبوڵڵاو حەماسیش وەك کوژەرو ستەمکارو شەیتان‌و تیرۆریست. ئەو وێنەیە گەلێك لەمێژە ئەمەریکاو ڕۆژاواو ئیسرائیل‌و ئەوانەیشی وا لەبازنەی وانداو دەخولێنەوە، ویستوویانەو دەیانەوێت پێشانی خەڵکی بدەن. ئەمەریکاو هاوپەیمان‌و دۆستە بندەستەکانی بۆ خۆیان‌و دوای نەمان‌و لەنێوچوونی ترکزەو هەڕەشەی کۆمۆنیزم‌و لەدیدی دوژمنایەتیکردنی تەواوی فەرهەنگ‌و بەهاو دیدو هەزرو باوەڕەکانی ئیسلام‌و جیهانی ئیسلامەوە، تێزی تەڕۆریزم‌و ئێمە ئێوەو ئێمەو ئەوانیان داهێناو کەوتنە وێزەی فەرهەنگی ناڕۆژاوایی (بەتایبەت نائەمەریکایی)و نامەسیحی‌و هەموو شتێکی ناڕۆژاوایی (بەتایبەت نائەمەریکایی)و نامەسیحییان خستە چوارچێوەی نەیارو ئەوی دیکەی ناجۆرو زۆڵەکەوە، کە گەرەکە لەبەین بچن. میدیا فەرمییەکانی کوردستان لەگەڵ ڕەوتە ئەمەریکاییە-زایۆنییە- ڕۆژاواییە دژە ئیسلام‌و عەرەب‌و فەرهەنگە ڕۆژهەڵاتییەکەن‌و ئەوانیش گەلەپرۆپاگەندە بۆ کاڵا ڕۆژاواییەکە، بەهەموو گەماری‌و پۆخڵییەکییەوە دەکەن. فەرهەنگییانی کوردو خۆبەڕووناکبیرزانانی کورد، کە ناکرێ لە "تاریکبیران" زیاتر نێوێکی دیکەیان لێ بنرێن، بێ ئەوەی ویژدانی خۆیان بکەنە دادوەر، پێچاوسانە وەنێو ئەو زۆنگاوەی دەسەڵاتدارانی کوردستان کەوتوون‌و ئەوانیش خۆیان خستووەتە خانەی ئەمەریکاو ئیسرائیل‌و ڕۆژاواوە. ڕۆژانە دەیانی لەو جۆرە خەڵکە دەبینین‌و دەژنەفین، کە چۆن زل زل‌و بێشەرمانە دێنە گۆو داکۆکی لەئیسرائیل دەکەن‌و بۆ ئیسرائیل دەکوڕووزێنەوەو دەگرین. دەسەلاتی کوردو فەرهەنگییانی کوردو میدیای کوردو سیاسەتکاری کورد، ئێستاکە تەواوی هێلکەکانی خۆیان خستووەتە سەبەتەی ئەمەریکاو ڕۆژاواوەو پێیانوایە ئیدی بەوە دەبنە ڕۆژاواییو ئەمەریکا پتری خۆشدەوێن‌و ئیسرائیل شتێکیان بۆ دەکات. ئەوەی ئەمانە ئەنجامی دەدەن، دابڕین‌و دوورخستنەوەی کوردە لەمێژوو و فەرهەنگێکی هاوبەش لەگەڵ گەلانی ئەو دەڤەرەی کوردستانی تێدایە. ئەوەی ئەمانە ئەنجامی دەدەن سڕینەوەی مێشك‌و بیرگەی کوردە لەو مێژوو و فەرهەنگە هاوبەشەی لەگەڵ گەلانی ئەو دەڤەرەداو ئاخنینیەتی بە مێژوو و فەرهەنگێکی زۆڵەك‌و نامۆ. نێزیکترین‌و دۆستترین‌و هاوپەیمانترین‌و گەورەترین کۆمەککاری لەشکری‌و ئابووری‌و سەرسەختترین نەیاری گەلی کوردستان‌و خواستی کورد لەجیهاندا، کە تورکیایە، ئەوڕۆ ئیسرائیلە. بەشێکی زوری ئەو فیشەك‌و مووشەکانەی، کە تورکیا بەگوندەکانی کوردستانەوەی دەنێ‌و کوردی پێ لەنێو دەبات، لەئیسرائیلڕا پێی دەگات‌و دەیدرێتی. ئیسرائیل دۆستی کورد نییەو سیاسەتی ئیسرائیلیش سیاسەتێکی چەوت‌و دژە مرۆڤە. گەلێك بۆ خۆی خەباتی جووکەیان لێوە نایەت. ئەوانیش هەر ئەو ڕێچکەیەی میدیا فەرمییەکەی کوردستانیان گرتووەتەبەرو ئەوانیش بەلاملدا دەدەن‌و سوێند بەسەری ئەمەریکاو ئیسرائیل دەخۆن. میدیا فەرمییەکانی کوردستان لەگەڵ ڕەوتە ئەمەریکاییە-زایۆنییە- ڕۆژاواییە دژە ئیسلام‌و عەرەب‌و فەرهەنگە ڕۆژهەڵاتییەکەن‌و ئەوانیش گەلەپرۆپاگەندە بۆ کاڵا ڕۆژاواییەکە، بەهەموو گەماری‌و پۆخڵییەکییەوە دەکەن. فەرهەنگییانی کوردو خۆبەڕووناکبیرزانانی کورد، کە ناکرێ لە "تاریکبیران" زیاتر نێوێکی دیکەیان لێ بنرێن، بێ ئەوەی ویژدانی خۆیان بکەنە دادوەر، پێچاوسانە وەنێو ئەو زۆنگاوەی دەسەڵاتدارانی کوردستان کەوتوون‌و ئەوانیش خۆیان خستووەتە خانەی ئەمەریکاو ئیسرائیل‌و ڕۆژاواوە. ڕۆژانە دەیانی لەو جۆرە خەڵکە دەبینین‌و دەژنەفین، کە چۆن زل زل‌و بێشەرمانە دێنە گۆو داکۆکی لەئیسرائیل دەکەن‌و بۆ ئیسرائیل دەکوڕووزێنەوەو دەگرین. دەسەلاتی کوردو فەرهەنگییانی کوردو میدیای کوردو سیاسەتکاری کورد، ئێستاکە تەواوی هێلکەکانی خۆیان خستووەتە سەبەتەی ئەمەریکاو ڕۆژاواوە و پێیانوایە ئیدی بەوە دەبنە ڕۆژاواییو ئەمەریکا پتری خۆشدەوێن‌و ئیسرائیل شتێکیان بۆ دەکات. ئەوەی ئەمانە ئەنجامی دەدەن، دابڕین‌و دوورخستنەوەی کوردە لەمێژوو و فەرهەنگێکی هاوبەش لەگەڵ گەلانی ئەو دەڤەرەی کوردستانی تێدایە. ئەوەی ئەمانە ئەنجامی دەدەن سڕینەوەی مێشك‌و بیرگەی کوردە لەو مێژوو و فەرهەنگە هاوبەشەی لەگەڵ گەلانی ئەو دەڤەرەداو ئاخنینیەتی بە مێژوو و فەرهەنگێکی زۆڵەك‌و نامۆ. نێزیکترین‌و دۆستترین‌و هاوپەیمانترین‌و گەورەترین کۆمەککاری لەشکری‌و ئابووری‌و سەرسەختترین نەیاری گەلی کوردستان‌و خواستی کورد لەجیهاندا، کە تورکیایە، ئەوڕۆ ئیسرائیلە. بەشێکی زوری ئەو فیشەك‌و مووشەکانەی، کە تورکیا بەگوندەکانی کوردستانەوەی دەنێ‌و کوردی پێ لەنێو دەبات، لەئیسرائیلڕا پێی دەگات‌و دەیدرێتی. ئیسرائیل دۆستی کورد نییەو سیاسەتی ئیسرائیلیش سیاسەتێکی چەوت‌و دژە مرۆڤە. گەلێك بۆ خۆی خەباتی سەربەخۆیی بکات‌و ڕێگەی ئازادی گرتبێتەبەر، نەدەبوو لایەنگری داگیرکارو ستەمکارو تێڵابەدەست بێت.

ئەمەی ئیسرائیل ئەنجامی دەدات، بەشێکی دانەبڕاوەی جەنگی ئەمەریکایە دژ بەهەموو ئازادیخوازانی جیهان. ئەمەریکایەك، کە بەدەنگی کاسترۆو چاڤێزو مۆرالیز تووڕە دەبێت‌و تێکدەچێت، بەدەنگی حەماس‌و حەسەن نەسروڵڵاو حیزبوڵڵا کەللەیی دەبێت. ئەمەریکا دەیەوێت هەموو جیهان بخاتە ژێر کۆنترۆڵو دەسەڵاتی خۆیەوەو هیچ دیاردەو فەرهەنگو سیاسەتێکی ئائەمەریکایانە لەجیهاندا نەهێڵێت.

مارۆن ئەڕڕاس (مارون الراس)و بنتجبەیل (بنت جبیل)و قانە، قەڵای ئازادی‌و کوانووی شۆڕش‌و مەکۆی شۆڕشگێڕان‌و بنکەی بەرخۆدانن‌و وێرانکردن‌و بۆمبارانیشیان لەلایەن ئیسرائیلەوە نیشانەی دەستدرێژی‌و دڕندەیی‌و نامرۆڤیەتیی ئیسرائیلە. حیزبوڵڵاو حەماسیش خەڵکانێکی ئازادیخوازو شۆڕشگێڕن‌و دەنگو زمانحاڵی خەڵکی لوبنان‌و فەلەستین‌و بەرخۆدان‌و بەرەنگاربوونەوەی تەواوی ئازادیخوازانی ئەمڕۆی جیهانن، دژ بەئیمپریالیزمی ئەمەریکاو ئیسرائیل‌و بازنەی ڕۆژاواو. نێوبردنی حیزبوڵڵاو حەسەن نەسروڵڵا وەك تیرۆریست‌و تێکەڵکردنیان لەگەڵ ئەلقاعیدەو زەرقاوی‌و بنلادن‌و ئەوانەدا، کارێکی ناڕاست‌و نابەجێیە‌و بەشێکە لەنەخشەکانی ئەمەریکاو ئیسرائیل بۆ دەستبەسەرداگرتنی هەموو جیهان‌و تاساندنی دەنگی ناڕەزایی‌و نێوزەدکردنی هەموو دەنگێکی بوێرو دلێر وەك شەڕانی‌و تیرۆریست. هەر خوێندنەوەیەکی پێچەوانەی ئەم ڕاستییانە، خوێندنەوەیەکن دەکەونە خانەی بازنەی ئەمەریکا-ئیسرائیلییەکەوەی دژە جیاوازی‌و دژە فرە فەرهەنگی‌و فرەڕەنگی‌و فرە دیدەوە. ئەو جیهانەی، ئەو سیاسەتکارەی، ئەو دەسەڵاتدارەی، ئەو ڕووناکبیرەی، ئەو مرۆڤەی لەئاست جەنگی ئیسرائیلی دژە فەلەستین‌و لوبنان‌و حیزبوڵڵاو حەماسدا لایەنگری ئیسرائیلە یا بێدەنگە، جیهان‌و سیاسەتکارو دەسەڵاتدارو تاریکبیرو مرۆڤێکی کەڕو لاڵو ویژدانمردووە.

٣٠-٧-٢٠٠٦

چڕ بوونەوەی تیرۆر لە (کەرکوك‌و بەغداد)دا

مامۆستا/ نەوزاد حوسێن

سروشتی مرۆڤی ژیرو دانا ئەوەیە کە لەکاتی بڕیاردانداپەلە نەکات، دەرئەنجامی تەنگەژەو ڕووداوە خۆش‌و ناخۆشەکان تاوتوێ دەکات، ئینجا ڕاوبۆچوونەکانی خۆی پێشنیار دەکات. لەبەرئەوە ئەگەر بیەوێت وەڵامی ڕاست‌و دروستی لەسەر هەر ڕوداوێك دەست بکەوێت‌و بگات بەبڕیارێك، ئەوە حاڵەتەکە دەخاتە نێو تاقیگەی فیکری خۆیەوەو لەهەموو لایەکەوە گەمارۆی دەدا، سەرجەم هۆکارەکانی دەرووپشت‌و مەودا دوورو نزیکەکانی شیتەڵ دەکا، ئەوکاتە دەتوانێ وەکو دکتۆرێك نەخۆشییەکە دیاری بکاو چارەسەری گونجاوی بۆ هەڵبژێرێ. لەو ڕوانگەیەوە ئەگەر لێکۆڵینەوەیەکی ووردو شیکارێکی زانستیانە بۆ مێژووی پێکهاتەی دەوڵەتی عێراق بکرێت بەتایبەتیش نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو دەرئەنجامێك دەست دەکەوێت کە سەرجەم پاڵنەرو هۆکارەکانی ئەم ڕەوشەی ئێستای عێراقی تیا دەخوێنرێتەوە. جارێ بەپلەی یەکەم ئەم دەوڵەتە فرە نەتەوەو فرەئایین‌و فرە مەزهەبە بووە بەقالبێکی نەگونجاو کە بەزۆری زۆرداران‌و بێ خوایشتی هیچ کامێك لەو یەکە جیاوازانە هەموویانیان تێ ئاخنیوە، ئەمە سیاسەتی کۆنی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی دوای جەنگی جیهانی‌و ئینتیداب بوو کە بەرژەوەندییەکانی ئەوکاتەیان وای دەخواست، ئیتر وردە وردە ئەوە دەقی گرت‌و بوو بە روسم بەدەست حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانەوە. دیارە پێکهاتەیەکیش بەو شێوەیە بێت حەتمەن هەر ئەم جۆرە پەیوەندییە بەرهەم دێنێ کە ئێستا ئەم دەڵێ سیرو ئەو دەڵێ پیاز.

لەمێژووی دوورو لەڕووی ئایینیشەوە کاریگەری فتوحاتی ئیسلامی یەکجار زۆرە لەسەر ئەم وڵاتەو بەداخەوە شوێن دەست‌و ئاسەواری زۆر خراپی لەسەر جەستەو فیکری پێکهاتەکان جێهێشتووە. هەندێکیان ئەوەندە قوڵ‌و سەختن کە نەك ئێستا ڕەنگە چەند نەوەیەکی دوای ئێستاش نەتوانن ساریژی بکەن، یەکێك لەو ئاسەوارە خراپانە سڕینەوەی نەتەوەکان‌و حیساب نەکردنە بۆیان، ئەمە جگە لەئایینەکانی دیکە، کە هەموو کەسێك بۆ خۆی ئارەزوومەندە لەهەڵبژاردنیان. کوانێ سۆمەری‌و بابلییەکان؟، کوانێ ئاشوری‌و کلدانییەکان؟. ئەمان‌و چەندەها نەتەوەی تر چییان لێهات بۆ لەناوچوون، یان بچووکەوە بوون؟. ئایا حوکمی زەمان وای لێکردن یان فشاری عەرەب؟. دیارە ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە فتوحات هەر شوێنێکی داگیرکردبێ، (تەعریبی) کردووەو بووە بەپاڵپشتێکی بەهێز بۆ ئومەمەی عەرەبی. هەر ئەوەبووە بەقینێکی گەورە لەدڵی نەتەوەو ئایینەکانی تر بەرامبەر ئیسلام‌و عەرەب. دیارە ئەگەر ئەو جیاوازی کردنەی نێوان (عەرەب‌و عەجەم) نەبوویایە ئەوە نەدەبوو بەکۆنە قین‌و ئێستا شەڕی پێ نەدەکراو ڕەوشەکەش بەم شێوەیە نەدەبوو.

خەوشێکی دیکەو شوێنەوارێکی دیکە ئەوەیە کە ئیسلام بۆخۆی لەئەنجامی فراوان بوونی هزرو گەشەکردنی کۆمەڵگەوە دەیان تیپ‌و ڕێکخراوی جیاواز جیاوازی لێ پەیدابووە، هەندێ خۆی بەنەرم دادەنێ‌و هەندێکی تر میانڕەو، لەهەموویشیان ترسناکتر کۆمەڵێکن کە جگە لەخۆیان کەسی دیکە بەمیراتگری ئایینەکە نازانن‌و تەکفیری سەرجەم کۆمەڵگە دەکەن‌و ڕەوایی بەکوشتنیان دەدەن. ئەم خاکی عێراقە یەکێکە لەپێگە سەرتاییەکانی سەرهەڵدان‌و گەشەکردنی ئەو گروپیانە لەشێوازی جیاجیادا، هەربۆیە ئێستا بەئاشکرا دەبینرێن کە چۆن بەرنامەکانیان خستۆتە بواری پراکتیزە کردنەوەو ئەم وەزعەیان خولقاندووە. ئەم ئاڵۆزکاوی‌و ناتەبایی‌و غەدرکردنە لەزەمانی گەشەکردنی سیاسەت‌و حزب‌و لەقۆناغی رزگاری نیشتمانی‌و نەتەوەییدا کە لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم زیاتر لەعێراقدا پەرەی سەند، بووە هۆی دروست بوونی دەیان حزب‌و ڕێکخراوی سیاسی جیاوازی ڕاست‌و چەپ‌و ئایینی، بەڵام دیارە گەشەنەکردنی تەواوی کۆمەڵگە لەڕووی فیکرو دروست نەبووون کامڵ نەبوونی چینەکانەوە بەتایبەتیش (کرێکارو سەرمایەدار)، هەروەها تۆکمە بوونی بیری شۆڤێنی‌و نەتەوە پەرستی عەرەب لەژێر پەردەی ئایین بووە. هۆی زاڵ بوونی تاقم‌و دەستەیەکی خوێن ڕێژ بەسەر عەرشی عێراقدا، کە دواتر کۆمەڵێکی لەسەر حوکم جێگیرکرد، خراپترین‌و درێژترین تەمەنی دڕندایەتیان بەرامبەر گەلی عێراق دڕێژە پێدا کە بەعسیەکان بوون، هەرچەندە دروشمەکانیان گوێی ڕابەرە ئایینی‌و ئاشتی خوازەکانی دنیای کەڕ کرد بوو، بەڵام دۆسیەکانیان هەرمایەوە لەمیژوودا گوم نەبوون.

کۆکی ئەم باسە لەوێوە سەرچاوە دەگرێ کە بەدرێژایی حوکم لەم وڵاتەدا بیری شۆڤێنیەت چاوی دەسەڵاتدارانی وا کوێر کردووە، هەمیشە سیاسەتی قڕکردنی بەرامبەرەکەی پیادەکردووە، بەتایبەت لەڕووی نەتەوەییەوە کە کورد بەشی شێری بەرکەوتووەو لەڕووی مەزهەبیشەوە شیعەکان. ئێستا عێراق بووەتە مەیدانی ساغ کردنەوەی هەقەکان، هەرچی تائێستا بەش خوراو بووە دەیەوێ تۆڵە لەبەرامبەرەکەی بکاتەوەو داخی ئەو ماوەیەی پێشووی پێ بڕژێنێ. ئەم مەیدانەش بۆ بەرژەوەندی زلهێزەکانی دنیا بەتایبەتی ئەمەریکا باشترین کێڵگەیەو خۆیان دەزانن چۆن گەشەی پێ دەدەن‌و چۆن دەیپارێزن. بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی ئەوانیش بریتین لە (بردنی نەوتی خام‌و تێك شکانی سەرجەم بەها کۆمەڵایەتییەکانی ئەم وڵاتە بە تایبەت نەتەوەیی‌و ئایینییەکان). ئینجا بۆ پیادەکردنی ئەو بەرنامەو پرۆژەیە سوودێکی زۆر لەو ناکۆکی‌و ناتەباییەی خەڵکی ئەم وڵاتە دەبینێ، لەلایەك خۆی دەکات بەفریشتەی فریاد ڕەس‌و باسی دیموکراتی‌و مافی مرۆڤ دەکاو پرۆژەی بێ مانای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێشنیار دەکا، لەلایەکی دیکەوە ڕۆژانە پۆستاڵی ئەمەریکی‌و لوولەی ناتۆو سەیارەی هامەر کەرامەتی ئەم میللەتە پێشێل دەکەن، لەڕووی ئیداریشەوە تەنها یەك بڕیاری چارەنووسساز، بێ ئەمری ئەوان ئیمزا ناکرێ، ئیتر ئەم گەلی عێراقە چۆن شێت نابێ‌و پێیاندا هەڵناشاخێ؟. سەرەتا کارە تیرۆریستیەکان زۆر کەم بوون، ئەوەشی هەبوو تەنها دژی ئەمەریکاییەکان بوو، بەڵام دیارە ئەمان زۆر زیرەکانە توانیان ئاراستەو ئاقاری ئەو شەڕە بگۆڕن بەرەو شەڕێکی تایفی شێوە نوێ. بەڵگەش ئەوەیە کە دەیسەلمێنێ ئەوان دەستیان هەیە لەدروست کردنی دەیان کێشەی ناوخۆی ئەم وڵاتە. بۆ نموونە دڕاندنی ئالای کوردستان لەشاری کەرکوك‌و بۆیاخ کردنی پۆستەرەکان لەبەرچاوی خەڵك بەڵگەیەکی بچووکە لەوانە. ئیدارەدانی ڕەوشەکە بەم شێوەیە لەدوولاوە قازانجی ئەمەریکای تێدایە، یەکەمیان بەردەوام بوونە لەسەر دزینی نەوت، دووەمیان چەواشەکردنی ڕای گشتی‌و گەلی عێراقە کە لەکۆتاییدا زەلیل کردن‌و مەمنون کردنیانە لەسەر پیاوەتییەکانیان. ئەمە جگە لەکۆنترۆڵ کردنی ناوچەکەو سنوورەکانی ئێران. هەرچی شیعەکانیشە کە زۆرینەی ئەم وڵاتە پێك دێنن ئەم وەزعە بۆ ئەوان خەونێکی دێرینە هاتۆتەدی، نایەوێ جارێکی دیکە ئەم وەزعەیان لەکیس بچێ‌و دیسانەوە بن بەژێر چەپۆکی سوننەی کەمینە، لەبەر ئەوە سیاسەتێکی قرژاڵ ئاسا پیادە دەکەن‌و بەهەموو لایەکدا هەنگاو دەنێن. لەلایەکەوە دڵی ئەمەریکییەکان ناشکێنن‌و بەقسەیان دەکەن، وەکو تریش دڵیان کون کون دەکەن، کاتێ کە هاوپەیمانێتی ژێر بەژێر لەگەڵ ئێران دەکەن. بەسوننە دەڵێن ئێمە هەموو یەك نەتەوەو یەك ئایینین، کەچی لەپێناو یەك منداڵی شیعە چی ناشێ دەیکەن. بەکوردیش دەڵێن ئێمە برا کۆنەکەی سەنگەری ئۆپۆزیسیۆنی جارانین‌و هاوکاریمان بکەن با دەسەڵاتمان لەکیس نەچێ، لەبەغدا ئێمەش پشتیوانتانین لەچەسپاندنی مافەکانتاندا، کەچی بۆ شارێکی وەکو کەرکوك نەك هەر زمانیان لاڵە بەڵکو خۆیان بەهاوبەشی تورکمان‌و عەرەبە سوننەکان، دەیان خراپەکاری بەرامبەر کورد دەکەن لەو شارەو دڵی تورکیاو ئێران ڕاگیر دەکەن‌و نکۆڵی لەکوردستانیەتی کەرکوك دەکەن.

کەرکوك وەکو شار لەڕووی مێژوویی‌و جوگرافییەوە بۆ کورد ئاسانە کوردستانیەتی بسەلمێنێ، بەڵام تورکمان بەپاڵپشتی تورکیاو عەرەب بەپاڵپشتی شۆڤێنییەکان نایەڵن ئەو خەونەی کورد بێتەدی، چونکە دەزانن دواڕۆژ کەرکوك دەبێتە ژێرخان‌و سەرچاوەی دارایی کوردستانی سەربەخۆ، بەپێی هەندێ بەڵگەش ئەمەریکییەکان حەز دەکەن بیکەن بەویلایەتێکی سەربەخۆو نەیدەن بەهیچ کامێك لەنەتەوەکان. ئەم هەموو بەرژەوەندییە جیاوازە چ لەناوخۆی کەرکوکی پڕ لەنەتەوەو ئایین‌و حزبی جیاواز، چ لەناوخودی کوردو دەوڵەتانی ناوچەکەو ئەمەریکاش سەرباری هەموویان حەتمەن ئەو چڕبوونەوەیە دەدا بەتیرۆر لەو شارە. دیارە بەغداش لەڕووی پێکهاتەی دانیشتووانەوە هاوشێوەی کەرکوکە، وەکو سامانی ژێر زەویش نەوتی تێدایەو لەڕووی پێگەی نێودەوڵەتیشەوە شارێکی بەناوبانگی جیهانە، بۆیە نە شیعەو نە سوننەو نە ئەمریکا بەئاسانی دەست بەردارى نابن. ئەمەریکاییەکان بۆیە پێیان باشە دوو ویلایەتی جیاوازی شێوە سەربەخۆ لەکەرکوك‌و بەغدا دروست بکەن چونکە مامەڵەکردن لەگەڵ شارێك‌و بردنی سامانی شارێك ئاسانترە لەمامەڵەکردن لەگەڵ وڵاتێك، دیارە ئەو پرۆژەیەی ئەمەریکا، هەندێ خاڵی لاوازو ترسناکی تیایە بۆ گەلی عێراق، سەبارەت بەعەرەب دابەشکردنی عێراقە بۆ سەر (پێنج ویلایەت)و لەکیسدانی سیادەی عەرەبییە، سەبارەت بەکوردیش لەکیسچوونی شارێکی گرنگو پڕبایەخی کوردستان‌و جیهانە کە ساڵانێکی دوورو درێژە لەپێناویدا خەبات دەکات.

لەڕاستیدا باشترین چارەسەر بۆ ئێستای عێراق‌و کەم کردنەوەی تیرۆر گەڕانەوەی هەقە بۆ خاوەن هەقەکان، ئەمڕۆیێت یان سبەی دەبێ عێراق لێك هەڵوەشێنرێ‌و تەلەسەمی یەکپارچەییەکەی تێك‌و پێك بدرێ‌و کەرکوك بگەڕێتەوە باوەشی دایکی، کوردیش دەبێ چاو نەترسانەو ژیرانە مامەڵە لەگەڵ ڕەوشەکە بکات‌و دیفاکتۆ بخولقێنێ، دوور لەگیانی دووبەرەکی حزبایەتی، چونکە ئەگەر سەرکردایەتی کورد هەمیشە ترسی دەوڵەتی ئقلیمی لەپێش چاوبێت‌و نەوێرێ هەنگاوی جدی بەرەو گەڕانەوەی کەرکوك‌و سەربەخۆیی بنێ مەگەر هەر بڵێین ئەم نانە بەو ڕۆنە، هیچ ڕەواش نییە کێشەی خاك‌و نەتەوەیەکی بەش خوراو لەم زەمەنی عەولەمەیەدا ببەسترێ بەکێشەی وڵاتێکی پڕ لەئاژاوەو توندو تیژییەوە.